# پێشهات و ئاڵۆزییە هەنوکەییەکانی بەردەم کابینەکەی سوودانی

09-03-2023

### نووسەرەکان

د. یاسین تەها

**کورتە :** یاسای هەڵبژاردن کە هێزە شیعەکانی چوارچێوەی هاوئاهەنگی دەیانەوێت بە سیستمی "سانت لیگۆ" و کەمکردنەوەی بازنەکانی هەڵبژاردن (لە 83 بازنە بۆ 18) تێیپەڕێنن، تەنیا سەدرییەکان تووڕە ناکات بەڵکو گورز لەو هێزە نوێیانەش دەدات کە لە پاش تشرینی 2019 دروستبوون، یان ئەو "سەربەخۆ" یانەی بەکەڵك وەرگرتن لە فرەبازنەیی گەیشتوونەتە پەرلەمان، ئەمانەش جگە لە چەتری سەدر چاویان لە کۆمەك و پشتیوانی مەرجەعیەتی نەجەفیشە کە پێشتر پشتیوانی لە زۆرکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن کردووە، ئەگەر هەموو ئەمانەش بچنە سەر یەك هێڵ و یەك ئاڕاستە، ئەوە بەرەنگاربوونەوەیان بۆ هێزە شیعە حوکمڕانەکان قورس و باجدار دەبێت بەتایبەت کە ئەوان هێشتا لە دڵەخورتێی گوشارە داراییەکانی ئەمەریکادان و ترسی ئەوەیان هەیە پلانێك بێت بۆ دووبارەکردنەوەی ئەزموونی رووخاندنی حکومەتەکەی عەبدولمەهدی (2019 _ 2020) لە رێگای خۆپیشاندانەوە

پاش تێپەڕاندنی بەربەرستی 100 ڕۆژی یەکەم و هێوربوونەوەی ڕێژەیی مەترسییەکانی "هەڵکشانی شێتان" ـەی دۆلار، لەپڕ حکومەتی سوودانی کەوت بەسەر ئاڵۆزییەکانی هەمواری یاسای هەڵبژاردن. ئەم یاسایە کە جێگیر نییە و هەر چەند ساڵێك وەك کراس بەبەری هێزە سیاسییە باڵادەستەکان دەبڕێ و دەدووڕێ، ئەم جارەیان لەکاتێکدا خراوەتەڕوو کە جەمسەرێکی سەرەکی و گرنگی شیعە کە سەدرییەکانن لە دەرەوەی پەرلەمان و پرۆسەی سیاسین، ئەگەر یاساکەش بەخواستی ئەوان بڕوات کە فرە بازنەییە، ئەوە ئەگەری دووبارەبوونەوەی هەمان ئەنجامی هەڵبژاردنی تشرینی 2021 هەیە کە سەدری کرد بە یەکەم، ئەگەریش دژی خواستی سەدرییەکان بێت و گوێیان بۆ نەگیرێت ئەوە مەترسی گەڕانەوەیان بۆ شەقام و ناڕەزایەتی زیاتر دەکات و لە هەردوو بارەکەشدا سەدر هەر گرێ و لەمپەرە بۆ هێزە شیعەکانی ڕکابەری ئەگەرچی خۆشی دوورەپەرێز کردبێت.

یاسای هەڵبژاردن کە هێزە شیعەکانی چوارچێوەی هاوئاهەنگی دەیانەوێت بە سیستەمی "سانت لیگۆ" و کەمکردنەوەی بازنەکانی هەڵبژاردن (لە 83 بازنە بۆ 18) تێیپەڕێنن، تەنیا سەدرییەکان تووڕە ناکات بەڵکو گورز لەو هێزە نوێیانەش دەدات کە لە پاش تشرینی 2019 دروستبوون، یان ئەو "سەربەخۆ" یانەی بەکەڵك وەرگرتن لە فرەبازنەیی گەیشتوونەتە پەرلەمان، ئەمانەش جگە لە چەتری سەدر چاویان لە کۆمەك و پشتیوانی مەرجەعیەتی نەجەفیشە کە پێشتر پشتیوانی لە زۆرکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن کردووە، ئەگەر هەموو ئەمانەش بچنە سەر یەك هێڵ و یەك ئاڕاستە، ئەوە بەرەنگاربوونەوەیان بۆ هێزە شیعە حوکمڕانەکان قورس و باجدار دەبێت بەتایبەت کە ئەوان هێشتا لە دڵەخورتێی گوشارە داراییەکانی ئەمەریکادان و ترسی ئەوەیان هەیە پلانێك بێت بۆ دووبارەکردنەوەی ئەزمونی ڕووخاندنی حکومەتەکەی عەبدولمەهدی (2019 _ 2020) لە ڕێگای خۆپیشاندانەوە.

لەپاش ئەو هەموو نەرمییەی "چوارچێوەی هاوئاهەنگی" نواندیان بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە پای ڕەواندنەوەی هەندێك لە مەترسییەکانی قەیرانی دۆلار و بەرگرتن لە ئەگەری قۆستنەوەی لە ناوخۆدا، درزی دووەم کە دەشێت سەدر کەڵکی لێوەربگرێت بۆ تەنگەتاوکردنی ڕکابەرەکانی ناڕەزایەتییەکانی پەیوەست بە پرۆژەی هەمواری یاسای هەڵبژاردنە، لەم چوارچێوەیەشدا باس لەوە دەکرێت کە لەچەند ماوەی داهاتوودا مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانی پێشوو بە پرۆژەیەکی سیاسی نوێوە بگەڕێتەوە بۆ بەغدا و لەگەڵ هەندێك لە هێزە مەدەنییەکانی تر خۆیان ڕێك بخەنەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ سەدردا بەر بەنیازەکانی چوارچێوەی شیعی بگرن بەتایبەت پاش ئەوەی کازمی ئەستۆ پاکیی خۆی وەرگرت لە تاران و دەنگۆی ئەوەش هەیە سڵاو و کاخەزی تارانی لەگەڵ خۆیدا هێنابێت بۆ سەدر، بەڵام بەگوێرەی زانیاری ناو ڕەوتەکەی مقتەدا سەدر، هێشتا سەدر هیچ وەڵامی نەداونەتەوە.

جگە لە یاسای هەڵبژاردن، حکومەت لە بەردەم تاقیکردنەوەی پرۆژەیاسای بودجەشدایە کە دوا کەوتووە بۆ مانگی ئادار و نیسان، ئەم وێستگەیەش جگە لە ئاستی هەرێمی کوردستان و بەغدا لەسەر ئاستی چوارچێوەی شیعی و هاوپەیمانییە سوننەکان (سیادە و عەزم)، هەروەها لەسەر ئاستی ناوخۆی شیعە حوکمڕانەکانیش هەر لێکەوتەی دەبێت، چونکە دابەشکردنی پارە و داهات بەسەر جەمسەرەکانی هێز ئاسان نییە و ئەگەر لایەنێك هەڵاوارده بکرێت یان بەشی پێکهاتە و پارێزگا و جەماوەر و کۆمپانیا و بەرژەوەندییەکانی کەمبکرێتەوە، ئەوە ئەگەر کراوەیە بۆ ئەوەی بچێتە بەرەی بەرهەڵستکاری کابینەی حکومەت، ئەمە لەکاتێکدا حکومەتەکە خۆی بەدیار بێدەنگی و ئاماژەکانی سەدر و ڕەتەکەیەوە ڕۆژ دەژمێرێت.

لە بودجەدا گرێی زۆر هەن؛ خەمڵاندنی نرخی نەوت، بڕینەوەی نرخی دۆلار و چارەسەرکردنی جیاوازی زۆری نرخە فەرمی و بازاڕییەکەی، بەدوای ئەوانیشدا جێگە کردنەوەی گفتەکانی کارنامەی حکومەت، لەمەش گرنگتر ڕازیکردنی لایەنە سوننەکان و چارەسەرکردنی گرێی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان کە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی بژاردەکانی مامەڵە لەگەڵ کردنی خزاندووەتە تونێلێکی بەرتەسکەوە. بەگوێرەی پرەنسیپی گەمەی دیموکراسی هێزە شیعەکان زۆرینەی ئەوەیان هەیە بەتەنیا بودجە تێپەڕێنن، بەڵام لەکاتێکدا کە ئەوان لە ئەمەریکا و ئەورووپا دەگەڕێن بۆ سەلماندنی ئەوەی حکومەتەکە بنکە فراوان و هەمەچەشنە تەنیا هی شیعە نییە، هەڵاواردەکردنی ئەم دوو جەمسەرە یان بێباکی بەرامبەریان هەروا ئاسان نییە وەك ئەو کاتەی کە حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی پێشووتر (2014 _ 2018) بەهۆی شەڕی داعشەوە هەموو پاڵپشتییەکی نێودەوڵەتی هەبوو.

بەگوێرەی ئەو ئاماژانەی بەردەستن هێشتا سوودانی بەتەواوی لە تێستی ئەمەریکا دەرنەچووە، لە واشنتن زۆرێك بەو چاوە تەماشای دەکەن بەڵێ ناکرێت بە "پاشکۆی ئێران" تەماشا بکرێت، بەڵام ناشتوانێت زۆر لە قسەی بنکە سیاسییەکەی دەربچێت لە چوارچێوەی شیعی کە بە ئاشکرا دوو وەزیریان لە گرووپە چەکدارەکانی دژە ئەمەریکا و سزادراوی واشنتن بەسەردا سەپاند کە بریتین لە نەعیم عەبودی، وەزیری خوێندنی باڵا (عەسایب) لەگەڵ ئەحمەد ئەلئەسەدی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی (جند الإمام ـ الفتح). هەر لەبەر ئەو دڵەڕاوکێ ئەمەریکییەشە وەزیری دەرەوە (د.فوئاد حسێن) و شاندە باڵاکەی عێراق لە واشنتن نەیانتوانی مانگی ڕابردوو بانگهێشتنامەیەك بۆ سودانی بە ئاسانی مسۆگەر بکەن و ئەو سەردانە بە دیاری نەکراوی ماوەتەوە تاوەکو کاتێکی دیکە.

لە دەرەوەی عێراقیش، ئێران و تورکیا کە دوو دراوسێ هەرە پەیوەندیدارەکەی عێراقن لەبەردەم پێشهات و ئەگەری جۆراوجۆردان کە بەشێکیان سیاسی و ئابووری و، هەڵبژاردن و بەشەکەی دیکەی کەمئاوی و کەمی بارانە کە سەرجەمیان کاریگەری گەورەیان لەسەر

عێراق دەبێت، مەسەلەی کۆنترۆڵکردنی دزەکردنی دۆلاریش بۆ ئەم دوو وڵاتە لە عێراقەوە پابەندییەکی کت و پڕ و ناکاوە کە شکاوەتە گەردنی حکومەتی سوودانی و زانیارییە دزە پێکراوەکان باس لەوە دەکەن مەسەلەی پابەندی بە "سیستمی سوێفت" و خۆ ئامادەکردن بۆ پێشهاتەکانی تورکیا و ئێران هاندەری ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە کە خۆی بهێنێتە ئەو ئاستەی چەند کۆڕ و کۆبوونەوەیەك بەپرسە عێراقییەکان بگەڕێت و بچێتە ئەو خوانانەشی کە ئەمینداری عەسایب سەرۆکی "بابلیون"ی تێدایە کە دوو سزادراوی ئەمەریکان، لەو دیدارانەشدا "گۆتێریش مەترسییەکانی راستەوخۆ بەگوێی ئامادەبووان داوە" بۆ ئەوەی پاساویان نەمێنێت" چونکە ئەگەری زاڵ ئەوەیە لەمەولا ئەمەریکا گوشارەکانی لە دیاردە بێزراوەکانی عێراق یان ئاودیوی دۆلار بۆ ئێران بگوازێتەوە بۆ بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە مانتهاتنی نیویۆرك.

ئەو هاوپەیمانییە شیعییەی کە بڕیارە بەرەنگاری ئەم ئاڵنگارییانەی عێراق ببێتەوە چەند مانگێك بەر لە ئێستا پاڵنەری مانەوەی بە تۆکمەیی و یەك ریزی زیاتر بەرەنگاربوونەوەی سەدر بوو، ئێستا کە حکومەت یەکلایی بووەتەوە و لەبەردەم ئەگەری هەڵبژاردندایە ئەوان کەوتوونەتە شەڕی قورسی بەرژەوەندی حیزبەکانیان و گەڕان بەدوای پێگە بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو، هەرچەندیشە زوو زوو دەگوترێت کە دوو جەمسەرە رکابەرەکەی هاوپەیمانییەکە "دەوڵەتی یاسا" و عەسایب" کۆك و تەبان و لەگەڵ جەمسەرەکەی دیکەی "حەکیم ـ عەبادی" کێشەیان نییە، بەڵام پێدراوەکان بەرەو ئەوەن کە لایەنە شیعەکانی بنکەی سوودانی هێندەی چاویان لەسەر سۆراخکردنی قۆناغی داهاتووە هێندە لە بیری تۆکمەکردنی ئەم قۆناخەدا نین و لە چەند رۆژی رابردووشدا هەندێك لە جیاوازییەکانی ئاراستەی سوودانی سەرۆك وەزیران و هێزە شیعەکانی هاوپەیمانی دەرکەوتوون بە تایبەت لە بوارەکانی پابەندی وەزیرەکان بە حیزبەکانیان و خەمساردییان لە "بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی" ئەمەش دەرگایەکی دیکە بە ڕووی ناکۆکی و جیاوازی زیاتر لە ناو کابینەی حکومەت و راگرە سیاسییەکانی.